# تەقینەوەکانی لەندەن

## هوشیار قادر

ریکخراویکی تیروریستی بەناوی [ریکخراوی نهینی جیهادی7.7.2005 دوینی پینج شەممە ریکەوتی

القاعدە لە ئەوروپا] چەند تەقینەوەیەکی لە شاری لەندەن ی پایتەختی بەریتانیا ئەنجام دا، کە بووە هوی کوشتنی ٥٢ کەس هەتا ئیستا و بریندار بوونی سەدەها ئینسان ، کە هەندیکیان برینەکانیان سەختە.
کوشتنی خەلکانیکی بی گوناح و بی چەک لە ناو شەمەندەفەرو پاس و شوینە گشتیەکاندا تاوانیکی گەورەیە کە ئیسلامی سیاسی تیروریست و کونەپەرست ئەنجامی دەدات لە کیشمەکیشیدا لە گەل بەرەی تیروریزمی ئەمەریکاو بەریتانیاو هاپەیمانەکانیان .

دەولەتی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیان لەگەل ئیسلامی سیاسی کە هەردووکیان دووبەرەی تیروریست و دژی بەشەرن ، لە پیناوی سەرکەوتن بەسەر ئەوی تردا لە هیچ تاوانیک سل ناکەنەوە کە دەرهەق بە بەشەرییەتی ئەمرو دەیکەن .

بەدوای ١١ی سیپتامبەری ٢٠٠١ ی کارە تیروریستییەکەی القاعدە لە ئەمەریکا، جورج بوش سەروکی ئەمەریکا شەری لە دژی تیروریزم راگەیاند و پاش ماوەیەک ئەفغانستانی داگیرکرد و چەند سالیکیش دەبیت عیراقیشی داگیرکردووە ، ئەم ملهورییەی ئەمەریکا لەو دوو وولاتەدا بوتە هوی کوشتنی هەزارە ها ئینسانی بی تاوان ،لە پیناوی سەپاندنی زل هیزی خوی بەسەر جیهان دا ، بەلام لە ژیر ناوی شەر لە دژی تیروریزم و رایگەیاند کە [ئەوەی لەگەل ئیمە نەبیت ، ئەوە لەگەل تیروریزمە].
هەر ئەو کاتە هاوری مەنسور حیکمەت لە نوسینیکیدا رایگەیاند کە ئیمە نە ئەمیانین و نە ئەویانین،بەلکو جەبهەی سیهەمین ، ئەم جەبهەی سیهەمە وەک و دیویکی نوستوو وایە ئەگەر بیتوو بە خەبەر بیت ، دەتوانیت کوتایی بەهەر دوو بەرەی تیروریست بهینیت لە جیهان دا.

هاوری مەنسور حیکمەت لە شوینیکی تردا دەلیت : بەداگیرکردنی ئەفغانستان و نەمانی حکومەتی تالبان و زەربە خواردنی القاعدە ، بە هیچ جوریک مەترسی کاری تیروریستی لە سەر غەرب کەم ناکاتەوە ، بەلکو بە پیچەوانەوە زیاتری دەکات .
بەلی رووداوەکان راست و دروستی بو چونەکانی هاوری مەنسور حیکمەتی سەلماند ، لە دوای ١١ ی سیپتامبەر و بە دیاری کراویش لە دوای داگیرکردنی ئەفغانستان و عیراق ، ئیمە شاهیدی بەهیزبوونی بەرەی تیروریستی ئیسلامی سیاسی بووین و کارە تیروریستییەکان نەک هەر کەمیان نەکردەوە ،بەلکو زیادیشیان کرد وەک و تەقینەوەکانی : بالی و کازابلانکەو مەدریدو موسکو و کوردستان و...........هتد ئەم دواییانەش تەقینەوەکانی لەندەن .

ریگا چارە چی یە ؟

تیروریزم بە هەردوو بەشەکەیەوە دەولەتی و ئیسلامی سیاسی بەشیکی جیانەکراوەن لە نیزامی سەرمایەداری ئەم سە ردەمە ، ئەم نیزامە لەلایەک کاری تیروریستی دەکات ،وولاتان ویران دەکات بەسەر دانیشتوانەکانیدا و خەستەخانەکان و مەکتەب و خزمەت گوزارییە پیویستیەکان وەک و ئاوو کارەباو کاول دەکات و تەقینەوەکان ئەنجام دەدات لە ناو بازارو شوینە گشتییەکان وەک مطعم ، پاس،

قطار......................هتد . كه بەدەیان هەزار ئینسانی بی تاوان دەكاتە قوربانی ، لایەكی ترەوە خەریكی لی سەندنەوەی ئەو دەسكەوتانەیە كە كریكارو ژنان و كومونیستەكان بە خەباتیكی دوورو دریژ بە دەستیان هیناوە بو بەشەرییەت وەک و لی سەندنەوە و كەمكردنەوەی مافەكانی پەنابەران، كریكاران ، ژنان ، مندالان ، بە سالاچوان ، كەم ئەندامان...................هتد .
بویە خەبات كردن لە دژی تیروریزم ، خاباتیكە بو گیرانەوەی مافە زەوتكراوەكانی ئینسان، بەشەرییەت دەبیت بیتە مەیدانەوە و كوتایی بەم جانەوەرانە بهینیت بە ریزی ملیونی خوی، لە دژی ئەم جانەوەرانە كە دەیانەویت جیهان بگیرنەوە بو سەدەكانی ناوەراست و ریزی خوی لە ریزی ئەم ئینسان كوژانە جیا بكاتەوە .
بەلی دنیایەكی باشتر [ دنیای بی شەرو تیرور، دنیای ئازادی و یەكسانی وخوشگوزەرانی ، دنیای سوسیالیزم ] ممكینە بەلام بەو مەرجەی بەشەرییەت بیتە مەیدان.

لە كوتاییدا دەمەویت ئەوە بلیم كە ئەم كارە تیروریستیانە دەبیت ئەو هیزە لە چەپ راچلەكینی كە بە شیوەیەكی كویرانە پشتگیری خویان لە تیروریزمی ئیسلامی دەكەن لە وولاتانی عیراق و ئەفغانستان و شوینەكانی تر لە ژیر ناوی [ بەرگری ودەرپەراندنی هیزی داگیركەر ] .
تیرور لەهەر بەرگ و رەنگیک و بیانووەیەكەوە بیت ، دەولەتی یان ئیسلامی ، هەر تیرورەو دژی بەشەرە و ئینسان دەكاتە قوربانی سیاسەتەكانیان .

8.7.2005